# بەرزو پیرۆز بێت رۆژی 8ی مارس

8ی مارس ئەو رۆژەیە کە زەنگی داخوازی ئازادی ژنان بەرووی سیستەمی زۆرداری پیاوسالاریدا لێدرا ,بەرۆحی خۆراگری و گڕی جەستەیان داخوازی ماف و ئازادی ژنانیان کرد, چیدی سیاسەتی بەخەون کردنی ئازادییان قەبوڵ نەکرد, و داستانێکی پیرۆزیان نەخشاند و سەرنجی دونیایان راکێشایە سەرکێشەی ژن, بەو زوڵمەی رووبەرویان کرایەوە درەندەیی سیستەمی پیاوسالاری لە لوتکەدا نیشاندا بەرامبەر بە رەگەزی ژن, وە خۆراگری ئیرادەی ژنیان سەلماند و رۆحیەتی تەسلیم بە چارەنوسی ملکەچی بۆ زوڵم و زۆری پیاوسالاری بەتەواوی رەدکرایەوە و پەیامیاندا کە قڕێژی ئەم سیستەمە گەندەڵە تەنها بە سووتان پاك دەبێتەوە, بە پشکۆی جەستەیان بەردی بناغەی رێبازی ئازادی ژنیان دامەزراند , بۆئەوەی چیدی ئەم سیستەمە زۆردارە درێژە بەتەمەنی خۆی دڕندەیی نەدات, چیدی نەتوانێ ژیانێکی دوور لە کەرامەت و کەسێتی راست بەسەر ژناندا بسەپێنێ, کە تادوارادە ژنی کردوە بە کالاو بە هەموو جۆرێك مامەڵەی لەسەر دەکرێ, ئەم سیاسەتە گەندەڵە بە شێوەیەکی زۆر بەهێزتر و دژوارتر درێژبۆتەوە تارۆژی ئەمرۆکەشمان هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە کەژن لە گەوهەری پیرۆزی دایکایەتی ئازادی دوور بخاتەوە و لەیەکیان نامۆ بکات, بەرامبەر بەم بێرەحمی و زۆرداریە دەنگی نارەزایی ئازادیخوازانەی ژنانیش رۆژبەرۆژ زیاد دەکات, لەم پێناوەدا چەندین رێکخراو و کۆمەڵەی ژنان دەمەزراون کە بۆ ئازادی رەگەزی ژن تێدەکۆشن, هەرچەندە لە رابردودا هەنگاوەکان لاواز بوون, وە لەرۆژهەڵاتی ناوین و بە تایبەتی لە کوردستان بە هۆی سیاسەتی چەوسانەوەی نەتەوەی کورد, ژن هەم وەك کورد هەم وەك ژن روبەرووی ئەم سیاسەتە درەندانە دەبوونەوە, لە کوردستان کێشەی نەتەوەیی و رەگەزی ئاوێتەی یەکدی بوون ,بۆئەوەش لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆرشی نەتەوەی گەلی کورد بەرێبەرایەتی پەکەکە, بەرێز عبدولا ئۆجەلان دەرفەتی بەشداربوونی ژنانی لە شۆرشدا ئاوەلا کرد, رزگاری نەتەوەیی کوردو کۆمەڵگای بە ئازادی ژنەوە وابەستەکرد, هەر لەپێناوی ئازادی ژناندا بەرێزی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژنانی پێشکەش بەژنان کرد, کە تێیدا یەکێتی ژن و بەهێزبوون و بەرێکخستن کردنی ژنی بەمەرجی سەرەکی هەنگاوی ئازادی داناوە, بۆ رزگار بوونی ژن لە سیاسەتی بە موڵك بون و بەکالاکردن. هەرچوو خولیای ئازادیش لەلای ژنان گەلاڵەی کرد, بە ئیرادەو خۆشیەوە پێشوازیان لە رێبازی ئازادی کرد, بەهەزاران ژن لەم پێناوەدا بەشداری شۆرشی ئازادیان کردووە و هەر لەم پێناوەشدا گیانی پیرۆزیان بەخشیوە, و هێزو توانایان داوە بەرێکخستنی ژن, لە دوای خۆیان بەسەدان ژنیان لەگێژاوی سیستەمی پیاوسالاری هۆشیارکردۆتەوە, رۆحی گەوهەری ژنیان بەبەردا کردونەتەوە, دواهەمین چالاکی گیانبازی شەهیدی سەرکردە هەڤاڵ ڤیان جاف, وەك کچە کوردێکی باشووری کوردستان بەرجەستەکەری داخوازی ئازادی ژنانی 8ی مارسە, وەلامە بۆ تەواوی ئازادیخوازان و دەڵێت: "بەم چالاکیە گیانبازیەی خۆم کەمێکیش بێت ببمە ورزەیەك بۆ پێشخستنی خولیای ئازادی ژنە ئازار چەشتوەکان". بۆ ئافراندنی رۆحیەتی سەرکەوتن لە هێڵی ئازادیدا بووە پشکۆیەکی گەشاوە لە نێو مەشخەڵی دەستی ژنانی چاو لە هیوای ئازادییەوە . لە عێراق و باشوری کوردستانیشدا هەرچەندە زەمینە والا نەبووە بۆئەوەی ژن بەشداربێ لە تێکۆشانی ئازادیدا, بەلام چەندەها ژن بەشداریان کردووە و قوربانیان داوە لە پێناو ئازادیدا, وە ژمارەیەکی زۆریش لە ژنانی باشور بەشداری تێکۆشانی رزگاری نەتەوەییان کردووە, بەلام لە باشوری کوردستان لەدوایی 14 ساڵی بەناو ئازادی هێشتا کێشە سەرەکیەکانی ژنان چارەسەرنەکراوە. و هەوڵێکی جدی بۆنەدراوە, بەتایبەتیش لەم دەستوورەی دوایی عێراقدا هیچ یاسایەکی خزمەت بە رێبازی ئازادی ژن ناکات, وە دەرفەت نەدان بە رۆڵ گێرانی ژنان لە بواری سیاسەتدا هەردەچێ زیاتر کێشەکان قوڵتر دەکاتەوە, ڤیان جاف وەك کچێکی باشووری کوردستان بەشداریبونی بۆ نێو شۆرشی رزگاری نەتەوەیی لە پێناوی رزگار کردنی ژنانی باشوور بوو لەم رەوشە تراژیدیایەی کە تێیدا دەژین, ڤیان جاف بە چالاکییە گیانبازیەکەی خۆی گەیاندە ئاستی رێبەری ژنێکی ئازادو مانیفێستۆیەکی ژیانی ئازادی تۆمارکرد. بۆئەوەش ئێمە وەك مەکتەبی کاروباری ژنان . پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان بەڵێن دەدەین و هەوڵدەدەین بە رۆحی ئەم رێبەرەوە تێبکۆشین لەپێناو هۆشیارکردنەوەی ژنان و ئافراندنی یەکێتی لە نێوان هەموو رێکخراوە ژنانیەکاندا ,وە لەپێناو دیموکراتیزە کردنی دەسەلات و تاك و کۆمەڵگا ( بۆ ئاواکردنی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی و ژینگە پارێزی) وە داوا لەهەموو ژنانی باشور دەکەین کە بە رۆحی بەرپرسیاریەوە لە کێشەی ژن نزیك ببنەوە, ولە پێناو ناسنامەی رەگەزیدا تێکۆشانی بێوچان بکەن, لە کۆتاییدا سەری رێزو نەوازش بۆ گشت شەهیدانی ئەم رێبازە پیرۆزە دادەنەوێنین .

بژی رۆژی 8ی مارس

بژی یەکێتی ئیرادەی ئازادیخوازانەی ژنان

ریسوا بێت سیستەمی تاك دەسەلاتی پیاوسالاری

مەکتەبی کاروباری ژنان 2006/3/8